# راگەیاندنی کومیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، سەبارەت بە شەپۆلی نوێی سەرکوت و ئێعدامی بە کۆمەڵ لە لایەن کۆماری ئیسلامیەوە

ماشینی سەرکوت و جەنایەتی رژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ ساتێکیش راناوەستێ. لە رۆژان و حەوتوەکانی رابردوو دا، شایەتی شەپۆلێکی نوێ لە سەرکوت و ئیعدامی بە کۆمەل لە پێش چاوی خەلک بووین، کە ئێستاش بەردەوامە.لەم ماوەیە دا دەیان کەس لە دەستەی 12، 7 و 4 کەسی دا لە ژێر ناوی "ئەرازێل و ئەوباش" لە پێش چاوی جەماوەر لە سێدارە دراون.

بەرپرسانی رژیمی ئیسلامی بە دەست پێکردنی دەورێکی تازە لە شەپۆلی ئیعدامی بە کۆمەلەل و قەلاچۆ کردن، دەیانهەوێت بە تیرێک چەند خال بپێکن.

رژیمی کۆماری ئیسلامی کە لە گەشە و بەرەوپێش چوونی بزووتنەوە کۆمەلایەتیەکان تەوشی ترس و دلەراوکێ بووە، دەیهەوێت کەش و هەوای ترس و خۆفی سەردەمی قەتل و عامی زیندانیانی سیاسی لە هاوینی خوێناوی 1367 بە سەر کۆمەلگا دا بسەپێنێت، هەر بویە نەتەنیا نایهەوێت ئەم کردەوانە بشارێتەوە، بەلکوو بە نیشان دانی دیمەنی دلتەزێنی ئیعدامی بە کۆمەل لە راگەیەنەرەکانیەوە هەول دەدات کۆمەلانی خەلکی ئێران چاوترسێن بکات.

کۆماری ئیسلامی ئەگەر نەیتوانی بە گرتن و زیندانی کردنی رێبەران و پێشرەوانی بزووتنەوەی کرێکاری و هەلسووراوانی بزووتنەوەکانی دیکەی کۆمەلایەتی فەزای ترس و خۆف لە کۆمەلگا دا زال بکات، ئێستا دەیهەوێ کەش و هەوای ترس و تۆقاندنی سەرچاوە گرتوو لە ئازار و ئەشکەنجە و لە سێدارە دان لە ناو زیندانەکانەوە بگوازێتەوە ناو کۆمەلگا و هەول دەدات فەزایەکی پر لە ترس و دلەراوکێ و بێ دەنگی بە سەر جەماوەری خەلکی ئێران دا بسەپێنێ.

رژیمی کۆماری ئیسلامی لەژێر ناوی "ئەرازێل و ئەوباش" دەیهەوێت قوربانیانی نیزامی سەرمایە داری وەک هۆکاری جەنایەت و فەساد و تاوان بناسێنێت.

گەندەلی، جەنایەت و کردەوەی نامرۆڤانە لە تایبەت مەندیەکانی نیزامی سەرمایەدارین، کە لە ژێر دەسەلاتی داریەتی رژیمی ئیسلامی بە خێرایی لە کۆمەلگا دا پەرەیان سەندوە.

کۆماری ئیسلامی بە ناساندنی قوربانیانی ناو زیندان وەک هۆکاری جەنایەت، نەتەنیا

دەیهەوێ کە بریروڕای گشتی لە ناسینی تاوانبارانی سەرەکی ئەو جەنایەتە کۆمەلایەتیانە بە لارێ دا بەرێت، بەلکو هەول ئەدات بیرورایٔ گشتی بە بیستن و چاولێکردنی ئەو شەپۆلە لە ئیعدامەکان عادەت بدات و ئیحساسی بێزاری جەماوەر سەبارەت بەو جەنایەت و وەحشیگەریە لە کۆمەلگا دا کەم بکاتەوە و بۆار بۆ ئێعدام و لە ناو بردنی هەلسووراوانی بزووتنەوە کۆمەلایەتیەکان و ئینسانە ئازادی خوازەکان برەخسێنێت.

رژیم چاک دەزانێ لاوازیەکانی کامانەن و ئەم شەپۆلەی لە کوشت و کوشتار وەرێ خستوە و بۆ هەلسەنگاندنی بیرورایٔ گشتی هەوالی حوکمی ئیعدامی هەلسووراوانی کۆمەلایەتی و رۆژنامەنووسان پێشتر رادەگەیەنێت.

ئەم کردەوانە و ئامانج و زەرفیەتەکانی کۆماری ئیسلامی لە بەرێوە بردنی سەرکوتی خوێناوی دەبێت هەر لە بەرچاومان بێت و نابێ بە کەمی بگرین.

نابێ لە بەرانبەر ئەو شەپۆلە لە سەرکوت و ئیعدامە بە کۆمەلانە دا بێ دەنگ بین.

تەنانەت ئەگەر فەرز بکەین ئەو تاوانانەی کە رژیم خستویەتە پال ئیعدام کراوەکان راست بن، هیچ ئاستێک لە تاوانی ئەو قوربانیانە، بێ دەنگی لە بەرانبەر ئەو شوپۆلە لە کوشت و کوشتار و وەحشیگەری رژیم پاساو ناکات.

دەبێ لە بەرانبەر ئەو وەحشیگەریە هەوسار پچراوەی کۆماری ئیسلامی دا نارەزایەتی دەر ببرین.

پێویستە هەلسووراوان و پێشرەوانی بزووتنەوە کۆمەلایەتیەکان بە ئاگادار بوون لە ئامانجەکانی رژیم و ناسینی هاوسەنگی هێز بۆ بەرانبەرکێ لەگەل ئەو شەپۆلە نوێیە لە سەرکوت، شێوە کاری نوێ بگرنە بەر.

بە لە یەک هەلپێکانی خەبات و یەکیەتی و هاوپشتی کۆماری ئیسلامی ناچار بە پاشە کشە دەکرێت.

ئەرکی هەموو کۆمۆنیستەکان، حیزب، رێکخراو و هێزە شۆرشگێر و پێشرەوەکانە کە بە تەوای هێز و توانای خۆیانەوە لە دژی ئەو شەپۆلە لە سەرکوت و خەفەقانە رابوەستن.

کومیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنبستی ئێران

12ی گەلاوێژی 1386   3ی ئاگۆستی 2007